# تەیەمموم کردن

[ kurdish – کوردی – كردي ]


موحەممەد ئیبراهیم ئەلتویجری

**وەرگێرانی:** ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ التيمم ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# تەیەمموم کردن

( **التيمم** ) واتە: ئەنجامدانی خواپەرستی بەوەی بەهەردوو دەستت بە سەر خۆڵێکی پاکدا بدەیت بەنیازی ئەوەی بتوانیت نوێژ وخواپەرستنی تر ئەنجام بدەیت.

تەیەمموم یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئوممەتی ئیسلامی کە لە جیاتی خۆ پاراو کردنەوەیە بە ئاو.

لە جابیری کوڕی عبداللە ڕەزای خوای لێبێت کە پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم فەرموویەتی:((أُعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ وَجُعِلَتْ لِيَ الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلَاةُ فَلْيُصَلِّ وَأُحِلَّتْ لِيَ الْمَغَانِمُ وَلَمْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً)) . متفق علیه.

واتە: ... هەروەها زەویم بۆ کراوەتە مزگەوت وپاککەرەوە، بۆیە هەرکەسێك کاتی نوێژی بەسەردا هات نوێژی خۆی بکات...

**حوکمی تەیەمموم:**

ئەو کەسەی کە تووشی ( حدث )ی بچووك یان گەورە بووە وئاوی دەست ناکەوێت، ئیتر ئایا لەبەر دەستی نەبێت یان زیانی پێ بگات بە بەکار هێنانی، یان توانای نەبێت بەکاری بهێنێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾ المائدة: ٦.

**ئەوەی کە دەگونجێت تەیەمومی پێ بکرێت:** تەیەمموم کردن دروستە بە هەموو شتێکی سەر زەوی وەکو خۆڵ وبەرد وگڵی تەر یان وشك.

**چۆنیەتی تەیەمموم:**

نیەت بهێنێت وبەناوی هەردوو لەپی لەسەر زەوی بدات وئینجا فووی پێدا بکات بۆ ئەوەی تۆزەکەی کەم بکاتەوە وئینجا دەم وچاو وهەردوو دەستی خۆی پێ بسڕێت، پشتی دەستی ڕاستی بەناوی دەستی چەپی بسڕێت وپشتی دەستی چەپی بەناوی دەستی ڕاستی بسڕێت، جارجارەش سڕینی هەردوو دەستی پێش بخاتە سەر دەم وچاویدا.

١- لە ( عبدالرحمن بن ئەبزی ) لە باوکی یەوە هاتووە کە فەرموویەتی: پیاوێك هاتە لای عومەری کوڕی خەتتاب و وتی: لەشگران بووم وئاوم دەست نەکەوت، ئیتر عەمماری کوڕی یاسر بە عومەری فەرموو ئایا لە بیرت نییە جارێکیان لەگەشتێکدا بووین من و تۆ، تۆ نوێژت نەکرد و من هەموو جەستەی خۆمم کرد بەخۆڵەوە، ئەوەمان باسکرد بۆ پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم و، ئەویش فەرمووی: (( إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ هَكَذَا )) واتە: بەس بوو هەردوو دەستت

لەسەر زەوی بدایە و فووت پێدا بکردایە وبە روخسارتدا بهێنایە. متفق علیه.

٢- لە عەممارەوە دەربارەی چۆنیەتی تەیەمموم هاتووە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (( إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَصْنَعَ هَكَذَا ))

واتە: بەست بوو ئاوهات بکردایە، ئینجا دەستی کێشا بەزەویدا وتەکانی ئینجا هێنای بەپشتی دەستی چەپیدا وپاشان هێنای بە ڕوخساریدا. متفق علیه.

## تەیەمموم بۆچی وچی دەبێت؟

ئەگەر نیەتی لابردنی چەند ( حدث ) یکی لێ بهێنێت، بۆ نمونە میز و پیسایی کردبێت و، لەشیشی گران بووبێت، تەیەممومەکە هەموویان لادەبات.

ئەوەی بەدەستنوێژ دەکرێت ئەنجام بدرێت وەکو نوێژو تەواف وشتی تر بە تەیەممومیش هەر ئەنجام دەدرێت.

## پووچەڵکەرەوەکانی تەیەمموم:

١- هەبوونی ئاو.

٢- نەمانی پاساو لە نەخۆشی و پێویستی وشتی لەوجۆرە.

٣- یەکێك لە هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ.

ئەگەر کەسێك ئاوی دەست نەکەوێت وتوانای تەیەممومیشی نەبێت نوێژی خۆی دەکات بەبێ دەستنوێژو تەیەمموم ودووبارەشی ناکاتەوە.

**تەیەمموم بۆ چی دەبێت؟**

دروستە تەیەمموم ئەنجام بدرێت بۆ لابردنی ( حدث ) ی بچووك وگەورە.

بەڵام پیسایی ئەگەر لەسەر لاشە بێت یان جل وبەرگ بە تە یەمموم لاناچێت، جا ئەگەر توانای پاککردنەوەی نەبوو، هەر لەسەر ئەو حاڵە نوێژی خۆی دەکات.

ئەوکەسەی برینداربێت وترسی هەبێت بەبەکارهێنانی ئاو زیانی پێ بگات، دەست بەسەر برینەکەدا دەهێنیت، ئەگەر نا تەیەمموم بۆ جێگەی برینەکە دەکات و ئەندامەکانی تر دەشوات.

**ئەگەر کەسێك تەیەممومی کرد ودواتر ئاوی دۆزییەوە چی بکات؟**

( لە أبو سعيد الخدري ) یەوە ڕەزای خوای لێبێت هاتووە کە فەرموویەتی: دوو کەس لەگەشتێکدا پێکەوە بوون، کاتی نوێژ هات وئاویان پێ نەبوو، ئیتر بە خۆڵێکی پاك تەیەممومیان کرد ونوێژیان کرد، پاشان ئاویان دۆزیەوە پێش تەواو بوونیی کاتی ئەو نوێژە، یەکێکیان نوێژەکەی دووبارە کردەوە بەڵام ئەوی تریان دووبارەی نەکردوە، هاتنە لای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و ئەوەیان بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەو کەسەی کە نوێژەکەی دووبارە نەکردبوویەوە فەرمووی:(( أَصَبْتَ السُّنَّةَ وَأَجْزَأَتْكَ صَلَاتُكَ)) واتە: سوننەتت پێکاو نوێژەکەت تەواوە، بەوەش کە

دووبارەی کردبوویەوە فەرمووی:(( لَكَ الأَجْرُ مَرَّتَيْنِ )) واتە: دووجار پاداشتت دەست کەوت. أخرجه أبو داود والنسائي.